# مەبەستەکانی شەریعەت لای شێخ محەمەدی خاڵ
# کتێبی (فەلسەفەی ئایینی ئیسلام) بە نمونە

پ.د.ئاراس محمد صالح
کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان / زانکۆی سلێمانی
araz.salih@univsuledu.iq

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**کورتەی توێژینەوە:**
ئەم توێژینەوە باسی مەبەستەکانی شەریعەت دەکات لە روانگەی شێخ محەمەدی خاڵەوە، بەتایبەت کتێبی (فەلسەفەی ئایینی ئیسلام)دا، ئەم بەرهەمەی نووسەر لە ساڵی ١٩٣٨ چاپکراوە، بەکورتی باسی مەبەست و فەلسەفەی شەریعەتی ئیسلام دەکات.
توێژەر لە چوار تەوەرەی سەرەکیەوە ناوەرۆکی توێژینەوەکەی دەخاتەڕوو: لە تەوەرەی یەکەمدا باسی مەبەستەکانی بیروباوەڕو ناردنی پێغەمبەران دەکات. لە تەوەرەی دووەمدا مەبەستی خواپەرستیەکان و کاریگەرییان لەسەر تاکو کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە. لە تەوەرەی سێیەمدا مەبەستو حیکمەتەکانی سزاکان لە ئیسلامدا باس دەکات. هەروەها لە چوارەمدا مەبەستەکانی شوراو دادگەری لە ئیسلامدا ڕوون دەکاتەوە.

**وشە کلیلیەکان:** مەبەستەکان، ئیسلام، شێخ محەمەدی خاڵ.

**پێشەکی**

گەڕان بەدوای مەبەست و ئامانج و فەلسەفەی ئیسلام و بنەماو نهێنی حوکمەکانی شەریعەتدا، هەر لە کۆنەوە جێگەی گرنگیپێدانی زانایان بووە، ئیمامی (الشاطبي -790ك) یەکێکە لەو زانایانەی بەشێوەیەکی سەرەکی و فراوان قسەی لەسەر مەبەستەکانی شەریعەت کردووە، هەربۆیە هەرکاتێک باسی مەبەستەکانی شەریعەت کرابێت، لە پێشەوەی ئەوانی تر ناوی هاتووە.

زانایانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامیش لەسەردەمی نوێدا گرنگی زۆریانداوە بە ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی مەبەستەکان شەریعەتی ئیسلام و گەڕان بەدوای نهێنی و ئامانجی هەموو فەرمان وڕێگریەکانیدا، بەجۆرێکی وەها مەبەستکاری بووەتە یەکێک لە سیماو خەسڵەتەکانی ئەم قوتابخانە زانستییە ڕیفۆرمخوازە.

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەژێر کاریگەری نووسین و بەرهەمەکانی زانایانی قوتابخانەی ڕیفۆرمدا زۆر گرنگی بە ئامانج و مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامداوە، شێخی خاڵ مەبەستەکانی شەریعەتی زیاتر بە فەلسەفە ناوبردووە، هەرکاتێک باسی فەرمانێکی خوای گەورەی کردبێت، باسی گرنگی و مەبەست و فەلسەفەی ئەو فەرمانەی کردووە.

شێخی خاڵ کتێبی (فەلسەفەی ئایینی ئیسلام) کە لە ساڵی ١٩٣٨ چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوە، نووسەر ئەم بەرهەمەی تەرخانکردووە بۆ باسی فەلسەفەی بنەماکانی ئیسلام و مەبەستەکانی خواپەرستییەکان و هەندێ لە حوکمەکانی تری شەریعەتی ئیسلام.

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ شرۆڤەکردنی مەبەستەکانی شەریعەت لە دیدی شێخی خاڵەوە، لە کتێبی (فەلسەفەی ئایینی ئیسلام)دا بە تایبەتی و بەرهەمەکانی تریدا بەشێوەیەکی گشتی، بەو هیوایەی هەنگاوێکی زانستی بێت وخزمەتێک بێت بە بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ.

گرنگی توێژینەوە: توێژینەوە لەسەر فەلسەفەو مەبەست و نهێنیەکانی شەریعەت گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، بەتایبەت ئەگەر پەیوەندی بە زانایەکی وەکو شێخ محەمەدی خاڵەوە هەبێت، کە بابەتی مەبەست و فەلسەفەی شەریعەت جێگەی بایەخی بووە،

هەروەها هەتا ئێستا ئەم لایەنەی بەرهەمەکانی خاڵ قسەی لەبارەوە نەکراوە، ئەمەش زیاتر گرنگی ئەم تویژینەوە ڕوون دەکاتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم تویژینەوە بە ڕیبازی وەسفی شیکاری دەنووسرێت.

**سەرەتا**

چەمک و گرنگی مەبەستەکانی ئاینی ئیسلام

زانینی مەبەست و ئامانجەکانی هەموو فەرمانەکانی خوای گەورە گرنگی و بایەخی زۆری هەیە بۆ هەموو توێژەرێکی بواری زانستە ئیسلامیەکان و موسڵمانێک، بۆ ئەوەی بزانێت بۆ خوای گەورە ئەو ئەرکەی پێسپاردوەو گرنگی چیەو چۆن ڕەنگدانەوەی هەبێت لە ژیانیدا، ئەگەر وانەبوو چۆن خۆی چاک بکات، بۆ نمونە فەلسەفەی نوێژ ئەوەیە کەسی نوێژکەر لە کاری خراپ بگێڕێتەوە، وەک قورئان فەرمویەتی: (...إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ...) العنکبوت:45. نوێژ ڕێگری دەکات لە کاری بەدڕەوشتی و خراپ، ئەگەر کەسێکی نوێژکەر نوێژەکەی نەبووە چاودێر بەسەریەوە کە بیگێڕێتەوە لە کردەوەی خراپ، ئەوە بێگومان ناتەواویەکی هەیەو پێویستە چاک بکرێت[1].

شێخی خاڵ کاتێک ئەو کتێبەی بۆ قۆناغی شەشەمی سەرەتایی نووسیوە، کە قۆناغی مێردمنداڵی و پێگەیشتنی توانای ژیری و جەستەییە، لەبارەی کتێبەکەیەوە وتویەتی: (...پۆلی شەشەمی ئیبتیدائی کە مەوسیمی کرانەوەی دەرگای ژیریی و لێکدانەوەی هەمو بیرێکی تازەیانە، وە زۆر پێویستن کە حەکیمانە بناغەی عەقائید و ئاینیان جوان دابمەزرێنرێت، وە لە پەردەیەکی مەعقولا بدرێت بە گوێچکەیانا)"[2].

بەلای نووسەرەوە ئەوە گرنگ بووە کە ئاین بەشێوەیەکی ژیرانەو دانایانە بدرێت بە گوێچکەی نەوەی داهاتووداو بە میتۆدێکی پەروەردەیی دانایانە بناغەی بیروباوەڕو ئاینداریان دابمەزرێنرێت، نەک بە کوێرانەو بەشێوەیەکی بۆماوەیی شوێن دینەکەیان بکەون، بەڵکو پێویستە فێربکرێن کە بۆچی باوەڕدەهێنن و نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن و حەج دەکەن، خوای گەورە بۆچی زەکاتی داناوە، هەموو ئەم پرسیارانە وادەکات کە نەوەیەکی هۆشیاری دیندار پێبگەیەنین، نەک هەندێ کەسی بێئاگا لە فەلسەفەو حیکمەتی فەرمانەکانی خوای گەورە.

مەبەستەکانی شەریعەت لای زانایانی پێشین و نوێ بە چەند زاراوەیەک ناوبراوە لەوانە: (المصلحة، الحكمة، الفلسفة، المنفعة، الأغراض والغايات، الأهداف، المرامي والأسرار والمعاني) هەموو ئەمانەش لەڕوی واتاو مەبەستەوە لە یەکەوە نزیکن، واتە: شەریعەت هاتووە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی و دوورخستنەوەی زیان و ناڕەحەتی لێیان مرۆڤایەتی[3].

چەمک و مەبەستەکانی شەریعەت زۆر پێناسەی بۆ کراوە، یەکێک لەوانە (ابن عاشور)ـە، دەڵێت: مەبەستەکانی شەریعەت بریتیە لەو حیکمەت و واتایانەی شەرعدانەری دانا لەبەرچاوی گرتووە لە دانانی هەموو دەقەکانی شەریعەتدا، یان لە زۆربەیاندا، ئەمە تایبەت نیە بەیەک جۆر لە حوکمەکانی شەرعەوە، ئەمە هەموو واتاو مەبەستە گشتیەکانی شەریعەت لەخۆدەگرێت بەشێوەیەک شتێک نەماوە شەریعەت ڕەچاوی نەکردبێت[4].

هەروەها (علال الفاسي) دەڵێت: مەبەستەکانی شەریعەت بریتیە لەو مەبەست و نهێنیانەی شەرعدانەر دایناوە لەکاتی دانانی هەموو حوکمێکی شەرعیدا[5].

مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد) حیکمەتی پشتی هەموو دەقە شەرعیەکانە، هەموو فەرمانێکی ئیسلام حیکمەت و مەبەستی بەرزری تێدایە، خوای گەورە شەریعەتەکەی خۆی پاراستووە لە هەرشتێکی بێسوودو نەخوازراوو دژبە عەقڵو بەرژەوەندی مرۆڤەکان.

---

1- بڕوانە: د.سليمان محمد عبدالله النجران، مقاصد العبادات وأثرها الفقهي، الطبعة الأولى 2015، دار التدمرية، الرياض، م1ص28 وما بعدها.

2- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئایینی ئیسلام، چاپی یەکەم ١٩٣٨، چاپخانەی ژیان- سلێمانی، ل:أ.

3- د.نورالدين بن مختار الخادمي، علم المقاصد الشرعية، الطبعة الأولى2001 مكتبة العبيكان، الرياض، ص١٥.

4- بڕوانە: محمد طاهر ابن عاشور، مقاصد الشريعة الإسلامية، تحقيق ودراسة: محمد طاهر الميساوي، الطبعة الثانية، دار النفائس- عمان، ص180-181.

5- بڕوانە: علال الفاسي، مقاصد الشريعة الاسلامية ومكارمها، الطبعة الخامسة، دار الغرب الاسلامي، ص٣.

سوود، جیاوازی هەیە لە نێوان مەبەستەکانی شەریعەت و (علة)ی حوکمەکان، (علة) هۆی حوکمەکانە، بۆ نمونە (مەی) حەرامە، چونکە ژیری دەبات، کەواتە: دەردی حوکمەکە سەرخۆشییە[6].

فەرمانپێکراوان (المكلفون) کە زانیان هەموو فەرمان و واجبێکی خوایی حیکمەت و مەبەستی گەورەی هەیە، ئەوکاتە وەک بێگارێک ئەو ئەرکە ئاینیە جێبەجێ ناکەن، بەڵکو لە پێناو مەبەستە قیامەتی و دنیاییەکاندا زۆر دڵخۆشانە ئەو ئەرکە خواییە ڕادەپەڕێنن، چونکە دەزانن ئەوەی خواو پێغەمبەر(د.خ) دایناوە زۆر باشترە لەوەی خۆیان حەزیان لێیەتی، وەکو قورئان دەفەرموێت: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ...]الأنفال:24. واتە: فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر (د.خ) بەرژەوەندی و ژیانی تێدایە[7].

هەروەها ڕونکردنەوەی مەبەستەکانی شەریعەت حیکمەت و ئامانج و نهێنیە گشتی و تایبەتەکانی فەرمانەکانی ئایین ئاشکرا دەکەن، لە هەموو بەشەکانی شەریعەتدا، هەروەها کارئاسانی دەکات بۆ زانایانی فیقهی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی مەبەستەکانی شەریعەتدا دەتوانن بەسەرکەوتوویی ڕووبەڕووی پرسو ڕوداوە نوێکان ببنەوەو حوکمی شەرعیان بۆ هەڵبگۆزن، ئەمەش لای شەرعناسانی نوێ بە (الاجتهاد المقاصدي) ناوبراوە.

هەروەها خوێندنەوەی مەبەستداری شەریعەت کۆگیری (التوفيق) دەکات لە نێوان وەرگرتنی دەقەکان بە ڕوکەش و دۆزینەوەی مەبەستەکانی ناوەوەی دەقەکان، بۆ ئەوەی شەریعەت ببێتە سیستمێکی یەکگرتوو، ئەمەش جەخت دەکاتەوە کە شەریعەت گونجاوەو نەرمی تێدایەو توانای هەڵکردنی هەیە لەگەڵ هەموو ژینگەو کات و سەردەمێکدا[8].

یەکێتر لە سوودو گرنگیەکانی مەبەستە شەرعیەکان ئەوەیە کاریگەری بەهێزی هەیە لەسەر بڵاوبوونەوەی گوتاری میانەڕەوی‌و ڕەواندنەوەی زۆرێك لە گومانەکان و کەمکردنەوەی جیاوازی توندو زبرو دەمارگیریی مەزهەبی.
هاوکات لە ڕوانگەی مەبەستە شەرعیەکانەوە دەتوانرێت کار بەزۆرێك لەودەقانە بکرێت کەلە رووکەشدا نەسازو ناتەبان. هاوکاری وتاربێژو بانگخوازو مامۆستا و قازی و موفتییەکان دەکات کە کارەکانیان بەپێی مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەت ئەنجام بدەن، نەک پابەندبوون بە ڕوکەش و خوێندنەوەی پیت بەپیتی دەق (القراءة الحرفية)، ئەمەش زیاتر زیندوویەتی دەدات بە فەرمانەکانی شەریعەت و وەک کۆمەڵە دەقێکی یاسایی بێگیان سەیر ناکرێن[9].

**باسی یەکەم**

**مەبەستەکانی بیروباوەڕ و ناردنی پێغەمبەران**

بێگومان بنەماکانی ئیسلام کۆمەڵێک دەق و بیردۆزەی وشک نین لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا یەکنەگرنەوە، بەڵکو بنەمانی ئیسلام (الإيمان) دڵنیایی دەروونی و گیانی و فکری دەدەن بە مرۆڤ و لە دودڵی و ڕاڕایی ڕزگاری دەکەن، باوەڕ بە پەروەردگار مرۆڤ گرێدەدات بە خوایەکی گەورەی بە توانای وەها کە دروستکەری زەوی و ئاسمان و هەموو بونەوەرە، وە هەموو خێر و شەڕیک لە دەستی ئەودایەو هیچ شتێک بەبێ قەدەری خوا نابێت، کاتێک مرۆڤ باوەڕی وابوو لە هەموو ترس و پێشهاتێک ڕزگاری دەبێت[10].

شێخی خاڵ لەبارەی باوەڕەوە دەڵێت: (...ئاین و باوەڕ پێویستیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتیە، چونکە سروشتی مرۆڤ بەبێ یەک ناتوانن بژین، کاتێک پێکەوەش دەژین هەریەکە خاوەنی دیدگاو بۆچوونی و بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیەتی، لەوکاتەدا پێویستیان بە سیستمێک هەیە ڕێکیان بخات و پێکەوە هەڵبکەن، دیارە ژیری و بیر (العقل والفكر) لە چارەی ئەمەدا سەراسیمەیە ناتوانێ دەستورێکی جوان، وە تەرازویەکی دادپرسی (عەدالەت) لە ناوەدی ئادەمیزادا هەڵواسێ، چونکە نە کەس بە گوێی ناکا ... کەوابو ئاشکرا بوو کە ئادەمیزاد پێویستن بە هێندێ کەس کە سەرچاوەی ڕەوشت و خوی شیرین، وە سەرمەشقی ڕەفتارو گوفتاری ڕەنگین، وە لەگەڵ ئەوەشدا کێوی ڕاگرتن و خوداری بن، وە بە ئازارو سزای ڕۆژگار نەترسن و پاشگەز نەبنەوە،

6- بڕوانە: د. يوسف القرضاوي، دراسة في فقه مقاصد الشريعة، الطبعة الثالثه 2008، دار الشروق- القاهرة، ص20-21.
7- بڕوانە: اسماعيل بن عمر بن كثير، تفسير القران العظيم، التحقيق: د.السيد محمد السيد، د. وجيه محمد احمد، مصطفى فتحي عبدالحكيم، سيد ابراهيم صادق، الطبعة الأولى 2002، دار الحديث- القاهرة، م4ص37.
8- بڕوانە: الدكتور نورالدين مختار الخادمي، الاجتهاد المقاصدي، حجيته، ضوابطه، مجالاته، الطبعة الأولى1998، الدوحة، ص٥٨-٥٩.
9- بڕوانە: الدكتور نورالدين الخادمي، علم المقاصد الشرعية، ص٥١-٥٢
10- بڕوانە:

تا بیانهێننەوە ڕێی چاکەو دوریان بخەنەوە لە خراپە، وە لەلای خواوە یارمەتی بدرێن بە هێندێ شتی وا کە لە ژیری و بیری مەردومەوە دوربێ، تا پێیان باوەر بکەن و پەند و ئامۆژگاریان لێوەربگرن، کە ئەمانەش پێغەمبەرانن)[11].

شێخی خاڵ ناردنی ئاینی ئاسمانی و ناردنی پێغەمبەران بە پێویستیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتی دەزانێت، باوەڕی وایە کە ژیری مرۆڤ ناتوانێت هەموو چاکەو خراپەیەک لەیەکتر جیا بکاتەوەو ڕیگایەکی دروستی ژیان دیاری بکات، بەڵکو پێویستی بە ئایینی ئاسمانی و هاتنی پێغەمبەران هەیە ئەو کارەی بۆ دەستەبەر بکات، ئەمەش یەکێکە لە مەبەست و بەها گرنگەکانی هەموو ئاینە خواییەکان.

یەکێکی تر لە مەبەست و فەلسەفەی ئایین و باوەڕ لای شێخی خاڵ ئەوەیە ئاین و باوەڕ گرنگی زۆری هەیە لە دابینکردنی کۆمەڵایەتی (الضبط الاجتماعي)، چونکە باوەڕ هێزێکی ناوەکی مرۆڤە دەیگێڕێتەوە لە هەموو کارێکی ناردروست، خاڵ لەمبارەیەوە دەڵێت: (ئادەمیزاد کە بە ڕاستی خوای ناسی وە گەورەیی ئەو ڕیشەی داکوتا لە دڵ و دەرونیا ئیتر لە گوفتارو کردارا لەو سنورەی کە خوا بۆی داناوە دەرناچێ، ئەو حەلە نە دەست درێژی ئەکا بۆ سەر ماڵ و ناموسی مەردوم، نە جنێو ئەدا، نە بوختان ئەکا، نە درۆ ئەکا، نە زیان بە کەس ئەگەیەنێ)[12].

لەگەڵ گرنگی و مەبەستە بەرزەکانی باوەڕدا، شێخی خاڵ پێی وایە بێباوەڕی زیانی زۆری هەیە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵ، چونکە ئەگەر مرۆڤ ترسی لێپرسینەوەی خوای نەبوو پەنا بۆ کاری خراپ دەبات، هەوەکو دەڵێت: (وەلێ کە باوەڕەی بە خواو ڕۆژی زیندوبونەوەو پرسیارو بەهەشت و، دۆزەخ نەبو، ئیتر هیچ شتێک نیە کە بیگرێتەوە لە خراپەو، وە ڕایکێشێ بۆ چاکە، ئینجا ئەو حەلە ئەگەر بە ئاشکرا توانی، ئەوا دەستدرێژی ئەکا بۆ سەر ماڵ و ناموسی مەردوم)[13]. باوەڕ بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤ لە تاریکی و دوودڵی و ڕاڕایی ڕزگار دەکات، لە هەمان کاتدا کاریگەری زۆری هەیە لە ڕیگری کردنی مرۆڤ لە خراپەو دابینکردنی کۆمەڵ لە تێکچوون و شڵەژان و بێسەروبەرەیی.

**باسی دووەم**

**مەبەستەکانی خواپەرستیەکان**

خواپەرستیەکان (العبادات) لە ئیسلامدا گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە، ئەم خواپەرستیانە هەیانە لە ڕۆژێکدا چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە وەکو نوێژ، هەیانە لە ساڵێکدا یەک مانگی تەواو جێبەجی دەکرێت وەک ڕۆژوو، زەکات کە خواپەرستیەکە بە ماڵ دەکرێت و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تاک و کۆمەڵ ساڵی یەک جار خوا پێویستی کردووە لەسەر خاوەن سامانەکان، حەج ڕەهەندی زۆری هەیەو لە تەمەنی موسڵماندا یەک جار فەرزە جێبەجێ بکرێت[14].

بێگومان ئەم خواپەرستیانە بەبێ مەبەست و ئامانجی گەورە دانەنراون، نوێژ لەگەڵ ئەوەدا فەرزێکی خواییەو دەبێت ڕۆژی پێنج جار جێبەجێ بکرێت، یادی خوای گەورەیە (...وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي) طه:14. نوێژکردن تاکی باوەڕدار پەیوەست دەکات بەخواوەو هیچ خوای لە یاد ناچێت کە ئاگاداری هەموو کردەوەو جوڵەیەکیەتی، کاتێک کەسێکی باوەڕدار هەستی کرد خوای چاوی لێیەتی و ئاگای لە هەڵسوکەوتیەتی کاری خراپ ناکات، هەربۆیە خوای گەورە فەرمویەتی: (...إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ...) العنكبوت:45. نوێژ ڕێگری دەکات لە کاری بەدکاری و خراپە[15].

شێخی خاڵ لەبارەی مەبەستەکانی نوێژەوە دەڵێت: (دیارە ئەم نوێژی بەیانییە ئەمەندە کار ئەکا لە دڵ و دەرونی ئەو نوێژکەرەدا، کە تا نیوەڕۆ بیگرێتەوە لە خراپەو ڕایکێشێ بۆ چاکە، هەر بەم ڕەنگە نوێژی نیوەڕۆش بۆ ئێواریێ، نوێژی ئێوارەش بۆ شێوان، نوێژی شێوانیش بۆخەوتنان، نوێژی خەوتنانیش بۆ بەیانی. کەوابو نوێژ دانراوە بۆ گێڕانەوەی ئادەمیزاد لە خراپەو ڕاکێشانی بۆ سەر چاکە، وەکو خوا لە قورئانا ئەفەرموێت: (...إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ...) العنكبوت:45. یەعنی: نوێژێ کە بەڕاستی نوێژ بێ، ئادەمیزاد ئەگێڕێتەوە لە گوفتارو کرداری خراپ)[16].

کەواتە نوێژ بۆ ئامانج و مەبەستی زۆر گەورە دانراوە، بە تایبەتی نوێژی بە کۆمەڵ موسڵمانان فێری یەکسانی و خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی دەکات، وەکو خاڵ وتویەتی: (نوێژی بە کۆمەڵی (جماعة) کە ئەبێ ئەهلی هەمو گەڕەکێک شەو و ڕۆژی پێنج

11- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل2-3.
12- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل4-5.
13- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل7.
14- بڕوانە: د.نورالدين مختار الخادمي، علم المقاصد الشرعية، ص170-171.
15- بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، چاپی یەکەم هەولێر- دەزگای ئاراس، ل١٥٨.
16- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل15-16.

جار لە مزگەوتا کۆببنەوە، کە ئەمەش مایەی چاو بەیەککەوتن و پرسیار لە یەکتری کردن و، یەکێتی و یەککەوتن و یارمەتی و دەستگرتن و خۆشەویستییە[17].

وە ئەبێ هەمو ریز بەستن وە لەپاڵ یەکا یەکسان ڕابوێستن، دەوڵەمەندو هەژار، ئاغاو خزمەتکار، مامۆستاو قوتابی، لادێی و شاری پێکەوە، وە لە گوفتارو کردارا دوای یەک پێشەوا (ئیمام) بکەون، بە وێستانی بوەستن و بە دانیشتنی دانیشن، وە بە هەستانی هەستن، هیچیان لە پێشەواکە پێش نەکەون، وە دەنگ بەرزنەکەنەوە، تێ ئەگەین کە چە کەڵکێک لە نوێژا هەیە، نەخوازەڵا بە کۆمەڵی بێ، وە ئەزانین چە سەرمەشقێکی یەکێتی و نمونەیەکی یەککەوتنە. وە موسڵمانان چە ڕەوشت و خویەکی لێوە فێر ئەبن، وە چە بەهرەیەکی لێوەرئەگرن)[18].

نوێژی بەکۆمەڵ خواپەرستیەکە دەبێت تەنها بۆ خوا ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەو مەبەستی زۆر گەورەی تێدایە، مرۆڤ فێری خاکیبوون و دوورکەوتنەوە لە خۆ بەزلزانین و خەڵکی بەکەمزانین دەکات، لەڕۆژگاری ئەمرۆشدا خەڵکانێک هەن بە بیانووی ئەوەی ئەوان ڕۆشنبیرو خاوەن بروانامەی بەرزن و خەڵکی تر ڕەشۆکە، بەشداری نوێژی بەکۆمەڵ و هاتووچۆی مزگەوت ناکەن، هەموو ئەمانەش گوناهو تاوانەو خۆ بەگەورە دانانە[19].

یەکێکی تر لە خواپەرستیەکان ڕۆژووە، ڕۆژوو بریتیە لە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە لە بەیانیەوە هەتا ئێوارە، ئەمەش مرۆڤ فێری خۆگرتنەوەو ئارامگرتن دەکات، زۆرجار کەسانێک بەهۆی ئەوەی بونەتە دیلی نەفس و ئارەزووەکانیان تووشی سەدان لادان و خراپەکاری دەبن، خوای گەورە ڕۆژووی داناوە بۆ پەروەردەی دەروون و کەسایەتی مرۆڤ[20].

شێخی خاڵ لەبارەی کەڵک و مەبەستەکانی ڕۆژووەوە وتویەتی: (ڕۆژو ئیجگار کەڵکی زۆرە، هەوەڵیان ئەمەیە کەسێ کە بە ڕۆژو بو، لە هەمو ساتێکا بە بینینی یا بیستنی شتێکی خۆش ئارەزوی ئەکا، وەلێ کوتوپڕ خواشی بیر ئەکەوێتەوەو ئەسڵەمێتەوە، دیارە کەسێک ڕۆژی صەد جار ئارەزوی شتی خۆش بکا وە لەگەڵ هەمو جارێکیا کوتوپڕ خوای بیر بکەوێتەوەو بسڵەمێتەوە فێری یاد (مراقبة)ی خوا ئەبێ، وە ترسی خوا زۆر چاک لە دڵ و دەرونیا زۆر چاک جێگیر ئەبێ، کە هەر ترسی خواشە ئادەمیزاد ئەگێڕێتەوە لە خراپە)[21].

ڕۆژووگرتن مەبەست و ئامانج و نهێنی زۆری تێدایە، شێخی خاڵ لە حەوت خاڵدا گرنگترین مەبەستەکانی ڕۆژووی کورتکردوەتەوەو ئەوانیش: فێری یادو چاودێری خواو زاڵبوون بەسەر حەزو ئارەزووی دەروونا دەبێت، خەڵکی هەژارو برسی یاد دەکەوێتەوە، هەروەها فێری کەمخواردن و ڕێکخستنی ژەمەکان و پاراستی تەندروستی و حەوانەوەی گەدەو پاراستنی سپاردەی دەکات[22].

سەبارەت بە حەج خواپەرستیەکە بە جەستەو بە ماڵ دەکرێت، هەرکەسێک توانای دارایی پێویستی هەبێت خوای گەورە حەجکردنی لەسەر داناوە، حەج فەرمانێکی خواییەو دەبێت بۆ خوا ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئامانج و مەبەستی بەرزی دنیایی تێدایە، وەک دنیابینی و چاوکرانەوەو ئاگاداربوون لە کێشەو باروگوزەرانی موسڵمانان[23].

شێخی خاڵ لەبارەی مەبەست و فەلسەفەی حەجەوە نووسیویەتی: (بەڵکو حەج بۆ بەهرەمەندی موسڵمانانە لە بابەت و شارەزایی و فێربوونی وێڵ و هونەرمەندی و ڕەوشت و خوەوە، بۆ ئەوەیە کە موسڵمانان هەمو یەکسان ببنەوە لە تەواف و عەرەفەدا، وە جیاوازی نەمێنی لە ناوەندی دەوڵەمەند و هەژارو ئاغاو خزمەتکارو پاشاو ڕەعیەت، مامۆستا و قوتابی، ژن و پیاودا)[24].

لە سەفەری حەج لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا لە دەوری کەعبەی پیرۆزو کێوی عەرەفەو شوێنەکانی تردا هەموو جیاوازییە مرۆییەکان هەڵدەگیرێت، هەمووان بە بەیەک زمان و بەک ڕەنگ جلوبەرگ و لە یەک شوێندا، هەموان هاوارو نزاو

17- بڕوانە: د.نورالدين مختار الخادمي، علم المقاصد الشرعية، ص171.
18- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل16.
19- بڕوانە: د.نورالدين مختار الخادمي، علم المقاصد الشرعية، ص171.
20- بڕوانە: د.يوسف القرضاوي، تيسير الفقه في ضوء القرآن والسنة (فقه الصيام) الطبعة الثالثة 1993، مؤسسة الرسالة- بيروت، ص11-14.
21- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل17.
22- بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل18-19.
23- بڕوانە: د.نورالدين مختار الخادمي، علم المقاصد الشرعية، ص173-174.
24- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل22.

پارانەوەیان بۆ لای یەک خوای تاک و تەنهایە، هیچ کەس لە هیچ کەسێک زیاد و کەم و جیاوازی نییە، لەو جێگەدا گەورەیی و نهێنی و حیکمەت و فەلسەفەی حەج بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە[25].

دانانی زەکات لەسەر ماڵ و سامانی دەوڵەمەندەکان ئامانج و مەبەستی زۆر گەورەی تێدایەو کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تاک و کۆمەڵ، زەکاتدان مرۆڤ پاک دەکاتەوە لە ڕژدی و خۆپەرستی، هەروەها هەژاری و برسێتی لەناو کۆمەڵدا بنبڕ دەکات، لەلایەکی ترەوە خۆشەویستی دەخاتە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکان، لەبری ڕق و کینەی چینایەتی، هەستی خۆشەویستی لە نێوان توێژە جیاوازەکاندا دروست دەکات[26].

شێخی خاڵ لەبارەی فەلسەفەی زەکاتەوە دەڵێت: (کەڵکی زەکات دەستگرتنی هەژاران و بەهێزکردنەوەی ڕشتەی کۆمەڵایەتی و یەکسان (مساوات) خستنەوەی هەژارو دەوڵەمەندە، تا هەمو لایەکیان بە ئاسانی پێویستانی خۆیان بەجێ بێنن، وە لە گوزەران و ڕابواردن و خوێندن و ڕەوشت وخوو پیشەدا پاش نەکەون، تا کۆمەڵە سەربکەوێ و پێشبکەوێ، وە تێکڕا وەک گەلانی خوا پێداو لەسەر چڵەپۆپەی ژیان بخوێنن)[27].

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەیان ڕێکخراوی خێرخوازی لە ڕێگەی هاوکاری و زەکاتی موسڵمانانەوە هاوکاری ناوچە هەژارو کارەساتبارەکان دەکەن، هەروەها هاوکاری قوتابیان دەکەن هەتا خوێندن تەواو دەکەن، لەلایەکی ترەوە یارمەتی ڕێکخراوە تەندروستیەکان دەکەن کە وەکو خۆبەخش لە وڵاتە هەژارو دواکەتووەکاندا خزمەت دەکەن، زەکات یەکێکە لەسەرچاوەکانی سەدان کاری خێرخوازی و فریاکەوتن.

**باسی سێیەم**

**مەبەستەکانی سزاکان لە ئیسلامدا**

یەکێک تر لە فەرمانەکانی ئیسلام سزادانی ئەو کەسانەیە کە تاوان ئەنجام دەدەن، ئەو تاوانانە هەندێجار زیادەڕەویە بۆ سەر گیانی کەسانی تر، هەندێجار پەلاماردان و تاڵانکردن و دزینی ماڵ و سامانە، هەندێجاریش ترس تۆقاندن و بڵاوکردنەوەی نائارامیە، خوای گەورە بۆ هەموو ئەو تاوانانە سزای پێویستی داناوە، بەجۆرێک تاونبارەکە تەمێ بکرێت و جارێکی تر تاوان نەکات، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوانەشی لەو کۆمەڵەدان پەندی لێوەربگرن و ئەو کارە خراپانە نەکەن[28].

شێخی خاڵ لەبارەی سزاکانەوە دەڵێت: (ئایین ئەگەر کوشتنەوەی پیاوکوژی دانەنایە خوێنی هەموو زەبونێ بە دەستی زۆردار ئەڕژا، ئەگەر دەستبڕینی دزی دانەنایە دارایی گەلێ کەس بە دەستی پیاو خراپەوە ئەچڕا، ئەگەر سەنگەساری داوێپیسی دانەنایە ناموسی هەموو بە ناموسێک ئەچو، چل یەکی پارەو دە یەکی دەغڵودان و سەرفیترەو دەستگرتننانی تری ئەگەر دانەنایە لێقەوماو کەساسی کۆمەڵە ئەبوایە هەمو بمردنایە لە برسا، یا دەستیان درێژ بکردایە بۆ سەروماڵی دەوڵەمەند، کەوابو هەر یەکە لە فەرمانانی ئایین کەڵکێکی هەیە بۆ کۆمەڵە، وە کۆمەڵە بەبێ ئایینی ڕاست و دروست ناتوانێ باش بژی)[29].

خوای گەورە سزای لێدانی هەشتا داری داناوە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان سەرخۆش دەکەن و مادەی بێهۆشکەر بەکاردەهێنن، چونکە مرۆڤ کە ژیری و ئاوەزی لەدەستدا هەموو کارێکی خراپی لێدەوەشێتەوەو ئارامی لە خەڵکی تر تێکدەدات، هەوەکو شێخی خاڵ دەڵێت: (مەستی هۆشوگۆش و ژیری و بیر ناهێڵێ، ئەو حەلە بە هەزاران قەباحەتی لە دەست ئەقەومێ، وە شتی نهێنی لە دەم دەردەچێ، کە مایەی نەمانی سەروماڵی خۆی یا یەکێکی تر یا حکومەتەکەی ئەبێ)[30]. ئیسلام سزای داناوە بۆ ئەوەی کەس خۆی سەرخۆش نەکات و زیانی بەخۆی دەوروبەرەکەی نەگەیەنێت.

هەروەها بۆئەوەی کەس سوکایەتی پێنەکرێت و ناوی نەزڕێنرێت و کەسایەتی بریندار نەکرێت، خوا سزای داناوە بۆ ئەوانە بوختان و درۆ بەدەم کەسانی ترەوە دەکەن، خاڵ لەمبارەیەوە وتویەتی: (سزای بوختانیش لێدانی هەشتا دارە، وەکو خوا لە

25- بڕوانە: د.يوسف القرضاوي، فقه الزكاة، الطبعة الأولى 2009م، مؤسسة الرسالة، بيروت، م1ص74 وما بعدها. و د.نورالدين مختار الخادمي، علم المقاصد الشرعية، ص173-174.

26- بڕوانە: د.نورالدين مختار الخادمي، علم المقاصد الشرعية، ص173.

27- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل26.

28- بڕوانە: محمد طاهر ابن عاشور، مقاصد الشريعة الإسلامية، ص515 وما بعدها.

29- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل5.

30- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل36.

قورئانا ئەفەرموێت: (وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً ....) النور:4. یەعنی: ئەوانەی کە بوختان ئەکەن بە ژنانی پاك داوێن و، لەپاشا چوار گەواهـ (شاهد)یش نەهێنن لەسەری، هەشتا داریان لێ بدەن)[31].

ئیسلام سزای توندی داناوە بۆ ئەوانەی دزی دەکەن و ماڵ و سامانی خەڵکی بەهەدەر دەدەن و دەیخۆن، خاڵ لەمبارەیەوە نووسیویەتی دەڵێت: (دەست بڕینی داناوە لەسەر دز بە ئایەتی: (وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا...) المائدة:38. یەعنی: پیاو ژنی دز دەستیان ببڕن، چونکە هەڵمەت ئەبەنە سەر مەردوم، وە ئەو داراییەی کە بە عەرەقی ناوچەوان و ڕەنجی شان پەیدایان کردوە بۆ خۆیان و ماڵ منداڵیان، وە بۆ لە ڕێیەکی چاکا بەختی بکەن، بە هەوانتە ئەیبەن وە ئاسایشی ناو وڵات تێکئەدەن)[32].

هەروەها سزای (القصاص)ی داناوە بۆ ئەوانەی کەسێک دەکوژن، ئەگەر سزای کوشتنەوە نەبوایە هەرکەس بە ئارەزووی خۆی زیادەڕەوی دەکرد و پەلاماری گیانی کەسانی تری دەدا، لە کوشتنەوەدا ژیان هەیە بۆ هەمووان، هەروەکو قورئان فەرمویەتی: (وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ) البقرة:١٧٩. واتە: لە سزای (القصاص)دا ژیانیان بۆ هەیە، ئەی خاوەن دانایی و ژیرییان، بۆ ئەوەی پارێزراوبن، واتە: هەرکەسێک زانی ئەگەر کەسێک بکوژێ ئەکوژرێتەوە، ئیتر دەست ئەگێڕێتەوە لە پیاوکوشتن، ئەو حەلە ژیانی خۆشی و ژیانی ئەو کەسەش ئەم ئەیەوێ بیکوژێ پارێزراو ئەبێ[33].

ئەگەر لە هەموو تاوان و زیادەڕەویکدا سزا جێبەجێ بکرێت، ئیتر کەس پەلاماری گیان و ماڵ و کەرامەتی کەسانی تر نادات، وە هەموو کەس ماڵ و گیانی پارێزراو دەبێت و دڵنیا دەبێت لە ژیانی، ئەگەر لەگەڵ جێبەجێکردنی سزاشدا تاوانکرا، ئەوکاتە کۆمەڵ دڵنیایە کە یاساو دادگا هەیەو سزای تاوانباران دەدات، ئەمەش دڵنیایی زیاتر دەدات بە هەمووان.

**باسی چوارەم**

**مەبەستەکانی دادگەری و شورا**

دادگەری یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئیسلام، خوای گەورە لە زۆر ئایەتدا فەرمانی پێکردووەو داوا دەکات کە موسڵمانان دادگەربن، دادگەری ئەوەیە کە مرۆڤ لە قسەو کردەوەیدا ڕاستگۆ و هەقپەروەربێت، هەرکاتێک دادگەری بەرپابوو ئارامی لەناو کۆمەڵدا بڵاودەبێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر نادادی هەبوو کەس دڵنیا نابێت لە خۆی و ماڵ و سامانی[34].

شێخی خاڵ لەبارەی دادگەریەوە دەڵێت: (کەسێ بیەوێ لە جیهانا سەربەرزو لە دڵانا خۆشەویست بێ، وە لە زیان و کینەی مەردوم دور بێ، ئەبێ هەمیشە لە گوفتارو کردارا لایەنی ڕاست بگرێ و زیان بە کەس نەگەیەنێ و، پاڵ بە قازانج و سودی مەردومەوە نەنێ بۆ سودی خۆی)[35]. بەلای خاڵەوە دادگەری سەرچاوەی خۆشەویستی و دوورکەوتنەوەیە لە ڕقوکینەو تۆڵەکردنەوە.

بە پێچەوانەی دادگەریەوە، نادادی دەبێتە هۆی ڕقوکینەو شەڕو ئاژاوەو نا ئارامی کۆمەڵایەتی، خاڵ لەمبارەیەوە دەڵێت: (ئەوانەی کە لە گوفتارو کردارا ستەم ئەکەن لەبەرچاوی مەردوم ناشیرین وە هەمو دڵێک لێیان پڕ قینە، هەمیشە چاوەڕوانی هەوڵێک ئەکەن کە پێیان پیابنێن و تۆڵەیان لێ بکەنەوە)[36]. هەرکەسێک ستەمی لێکراو مافی پێشێلکرا هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکەی دەدات لە هەر ڕێگەیەکەوەبێت، زۆرجار پەنا بۆ ڕێگای توندوتیژی دەبرێت و وڵات بەرەو ئاژاوەی گەورەو شڵەژان دەڕوات.

مەبەست و ئامانجی دادگەری بۆ ئەوەیە کەس مافی نەخورێت و هەموو کەس هەقی خۆی لە ڕێگای یاساو دادگاوە وەربگرێت، چونکە ئەگەر دادگەری نەما، ئیتر باوەڕ بە یەکتری نامێنێت، ئەو کاتە ستەم و نادادی بڵاودەبێتەوەو ڕشتەی کۆمەڵایەتی ئەپچڕێ، زۆری پێناچی خوا گەلێکیان بەسەرا زاڵ ئەکات و هەموویان زەبون و دیل و ئەکەن و سەربەرزی و سەربەخۆییان ناهێڵن[37].

---

31- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل35-36.

32- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل37.

33- شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیر خاڵ، چاپی یەکەم ١٩٧٢، چاپخانەی کامرانی- سلێمانی، ج٢ل٥٧. و د.آراس محمد صالح، العقوبات في القرآن الكريم وآثارها على المجتمع- الطبعة الأولى2023، نشر احسان- طهران، ص53 وما بعدها.

34- بڕوانە: د.توفيق الشاوي، فقه الشورى والإستشارة، الطبعة الثانية 1992م، دار الوفاء- المنصورة، ص22.

35- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل31.

36- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل31-32.

37- بڕوانە شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل33. هەروەها بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، ل١٩٢-١٩٣.

ڕاوێژ و شورا گرنگی بایەخی زۆرە لە ئیسلامدا قورئان فەرمانی پێکردووە، ڕاوێژ پرس و ڕاگۆڕینەوەیە لەگەڵ ئەهلی ڕاوبۆچووندا، ڕاوێژ سودوەرگرتنە لە ژیری و ئەزموونی هەمووان و دۆزینەوەی باشترین ڕیگایە لە هەموو ئیشوکارێکدا، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە و هەڵبژاردنی نادروست نەبین[38].

شێخی خاڵ لەبارەی ڕاوێژەوە دەڵێت: (ڕاوێژ شتێکی پێویستە، چونکە ئەو کەسەی کە ڕاوێژەکە ئەکات زۆرجار خۆی پەی بە ئیشەکەی نابا، سودێک یا زیانێک ئەگەر ببێ لەو ئیشەدا نایزانێ، وەلێ ئەگەر هاتو لەگەڵ یەکێکا، یا کۆمەڵێکا ڕاوێژی کرد، ڕێی بۆ ڕوناک وە چاک و خراپی لە یەک بۆ جیا ئەبێتەوە)[39]. مەبەست لە ڕاوێژکردن دۆزینەوەی باشترین بڕاردەیە لە هەموو هەنگاوێکاو سوود وەرگرتنە ئەوانی تر.

لە سەردەمی نوێدا ئەو گەلانەی خاوەنی دامەزراوەی پەرلەمانی کاراو ئەنجومەنی ڕاوێژن هەموو کات لە بڕیارو ئیشوکارەکانیاندا سەرکەوتوون، بە پێچەوانەوە وڵاتە دیکاتۆر و تاکڕەوەکانە هەمووکات تووشی شکست و بڕیاری هەڵەو وێرانکردنی وڵاتەکەیان دەبنەوە، هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی تاکڕەوی و سوودوەرنەگرتنە لە ئەزموونی خەڵکە خوێندەوارو شارەزاکانی وڵاتەکەیان.

لە هەر وڵاتێکدا دادگەری و شورا بەرپاکرا، ئەو وڵاتە دەبێتە خاوەن دامەزراوەی کاراو هەموو بڕیارو کارێکیان بەپێی بڕیاری دامەزراوەی تایبەتمەند دەدرێت، لەبەر ئەوەی لە دەرئەنجامەکشی هەمووان بەرپرسیاریتیەکی هەڵدەگرن.

**کۆتایی**

لێکۆڵینەوەو نووسین لەبارەی مەبەستەکانی شەریعەتەوە زیاتر گەورەیی و گرنگی بنەماکانی شەریعەت ڕوون دەکاتەوە، ئەم هەوڵەی شێخ محەمەدی خاڵ وەک دانانی کتێبێکی پەروەردەیی، هەڵبژاردنێکی گرنگە بۆ ئەوەی قوتابی لەسەر پرسیارکردن پەروەردە بکرێت و بەدوای نهێنی و مەبەستەکانی هەموو فەرمان و ئەحکامەکانی شەرعدا بگەڕێت.

باوەڕ بنەمای سەرەکی ئیسلامە، ئەم بنەمایانەش کۆمەڵێک دەق و بیردۆزی کەلامی نین، بەڵکو مەبەست و فەلسەفەی گرنگیان هەیە، باوەڕی یەکخواناسی مرۆڤ لە ڕاڕایی ڕزگار دەکات و ئارامی دەروونی پێ دەبەخشێت، بەپێچەوانەوە بێباوەڕی مرۆڤ سەرگەردان دەکات، پاڵنەری باوەڕ مرۆڤ بەرەو چاکەو دوورکەوتنەوە لە خراپە دەبات.

خواپەرستییەکان لە ئیسلامدا مەبەست و ئامانجی گەورەیان هەیە، نوێژ مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە خراپەو کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دەروون و لایەنی گیانی مرۆڤ، بەتایبەت نوێژی بە کۆمەڵ مرۆڤ دەکاتە کەسێکی بەکەڵکی ناو خەڵک، هەروەها ڕۆژوو کەسی باوەڕدار فێری ئارامگرتن و بەرگەگرتنی ناخۆشی و بەزەیی هاتنەوە بە هەژاراندا دەکات.

حەج خواپەرستیەکە بە ماڵ جەستە دەکرێت، لە سەفەری حەجدا چاوکرانەوەو دنیابینی زۆری تێدایە، هەروەها ئەنجامدانی ئەرکانەکانی حەج مرۆڤ فێری یەکسانی و خاکی بوون دەکات، زەکات باشترین ڕێگایە بۆ هاوکاری هەژاران و نەهێشتنی نەداری، زەکات ڕقوکینەو چینایەتی لەناو کۆمەڵدا لەناو دەبات.

جێبەجێکردنی سزاکانی ئیسلام هەریەکە بۆ مەبەست و ئامانجی گەورە دانراون، ئەگەر سزادان و دادگاو لێپێچینەوە نەبێت زۆر کەس زیادەڕەوی دەکاتە سەر مافی ئەوانی تر، هەروەها زۆرکەس هەق و مافی پێشێل دەکرێت، سزا باشترین ڕێگایە بۆ پەروەردەو چاککردنی خراپەکاران، هەروەها ئەگەر سزا جێبەجێ بکرێت خەڵکی تریش پەندیان لێوەردەگرن و ئەو ڕێگای ئەوان ناگرنەبەر.

شوراو دادگەری و دوو بنەمای فیقهی ئیسلامین، شورا ڕاگۆڕینەوەو سوود وەرگرتنە لە تواناو ئەزمونی هەمووان، هەروەها حسابکردنە بۆ ڕای بەرامبەر، شورا ڕێگا دەکرێت لە تاکڕەوی و خۆپەسەندی، دادگەری نەهێشتنی جیاوازیە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا هەمووان لەبەرامبەر دادگاو دادوەردا یەکسانن، بۆ ئەوەی مافی کەس پێشێل نەکرێت زیادەڕەوی نەکرێتە سەر ماڵ و سامانی گشتی و تایبەتی.


**لیستی سەرچاوەکان**

**القرآن الكريم.**

1/ آراس محمد صالح، العقوبات في القرآن الكريم وآثارها على المجتمعـ الطبعة الأولى2023، نشر احسان- طهران


38- د.توفيق الشاوي، فقه الشورى والإستشارة، ص45 وما بعدها.

39- شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، ل47.

2/ اسماعيل بن عمر بن كثير، تفسير القران العظيم، التحقيق: د.السيد محمد السيد، د. وجيه محمد احمد، مصطفى فتحي عبدالحكيم، سيد ابراهيم صادق، الطبعة الأولى 2002، دار الحديث- القاهرة.
3/ سليمان محمد عبدالله النجران، الدكتور، مقاصد العبادات وأثرها الفقهي، الطبعة الأولى 2015، دار التدمرية- الرياض.
4/ د.توفيق الشاوي، فقه الشورى والإستشارة، الطبعة الثانية 1992م، دار الوفاء- المنصورة.
5/ علال الفاسي، مقاصد الشريعة الاسلامية ومكارمها، الطبعة الخامسة 1993م، دار الغرب الاسلامي.
6/ محمد طاهر ابن عاشور، الشيخ، مقاصد الشريعة الإسلامية، تحقيق ودراسة: محمد طاهر الميساوي، الطبعة الثانية ٢٠٠١م، دار النفائس- عمان.
7/ محەمەدی خاڵ، شێخ، تەفسیر خاڵ، جزمی دووهەم، چاپی یەکەم ١٩٧٢، چاپخانەی کامرانی- سلێمانی.
8/ محەمەدی خاڵ، شێخ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، چاپی یەکەم ١٩٣٨، چاپخانەی ژیان- سلێمانی.
9/ محەمەدی خاڵ، شێخ، ناڵەی دەروون، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، دەزگای ئاراس- هەولێر.
10/ نورالدين بن مختار الخادمى، الدكتور، علم المقاصد الشرعية، الطبعة الأولى2001 مكتبة العبيكان، الرياض.
11/ نورالدين مختار الخادمي، الدكتور، الاجتهاد المقاصدي، حجيته، ضوابطه، مجالاته، الطبعة الأولى1998، الدوحة.
12/ يوسف القرضاوي، الدكتور، دراسة في فقه مقاصد الشريعة، الطبعة الثالثه 2008، دار الشروق- القاهرة.
13/ يوسف القرضاوي، الدكتور، فقه الزكاة، الطبعة الأولى 2009م، مؤسسة الرسالة، بيروت- لبنان.
14/ يوسف القرضاوي، الدكتور، تيسير الفقه في ضوء القرآن والسنة (فقه الصيام) الطبعة الثالثة 1993، مؤسسة الرسالة- بيروت.

sjh@univsul.edu.iq

## مقاصد الشريعه عند الشيخ محمد الخال من خلال كتابه (فلسفة الدين الإسلامي)

**ملخص البحث باللغة العربية:**
يتناول هذا البحث مقاصد الشريعة الإسلامية من منظور الشيخ محمد الخال، من خلال كتابه (فلسفة الدين الإسلامي) الذي طبع سنة (1938). يركز الباحث على أربعة محاور رئيسة في هذا البحث: وفي المطلب الأول يتكلم عن مقاصد العقيدة الإسلامية وبيان الحكمة من وراء إرسال الأنبياء والرسل. وفي المطلب الثاني يتطرق الى بيان مقاصد العبادات وأثرها في الفرد والمجتمع. وفي المطلب الثالث يبين مقاصد تشريع العقوبات وأثرها في تقليل الجرائم في المجتمع. وفي المطلب الرابع يركز على مقاصد الشورى والعدل في الإسلام وبيانها.

**Summary of the research:**
The objectives of the Islamic religion according to Sheikh Muhammad Al-Khal Through his book (Philosophy of the Islamic Religion) This research deals with the objectives of the Islamic religion from the perspective of Sheikh Muhammad Al-Khal, and this is through his book (Philosophy of the Islamic Religion), which was published in 1939AD, in which the writer briefly discusses the objectives of Islamic law.
In the second section, the researcher talks about the purposes of faith and its pillars from the perspective of Sheikh Muhammad Al-Khal, then addresses the purposes of worship and their effects on the individual and society, and explains the ruling and purposes of prayer, zakat, fasting, and Hajj in the thought of Sheikh Muhammad Al-Khal.
The research also addresses the purposes of the penal provisions in Islam, explains the philosophy of the impact of implementing these provisions on society, and explains that these punishments were enacted to deter and rebuke, so that public and private life would not be disrupted due to the spread of crimes as a result of the perpetrators avoiding punishment. Finally, it examines the purposes of justice and consultation in Islam, explains the role of justice in society, and the importance of practicing consultation in public and private affairs.